# فرۆشتن
# لە پەیجدا

نووسین: گەشتیار غەریب

لە بەرهەمەکانی پڕۆژەی کارسازی شادمان

کتێبی ژمارە(١٢)


ناسنامەی کتێب:

- ناوی کتێب: فرۆشتن لە پەیجدا
- نووسین: گەشتیار غەریب
- تایپ: زێوەر غەریب
- پێداچوونەوەی زمانەوانی: زانیار غەریب
- دیزاینی بەرگ: میر موکری
- نۆرەی چاپ: دووەم
- ساڵی چاپ: ٢٠٢٤
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نرخ: ٥ هەزار

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٨٤٧)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی پێدراوە.

# چۆن لە پەیجەکەمانەوە بفرۆشین

# بەبێ ئەوەی سپۆنسەر بکەین؟

# بۆ داواکردنی کتێبەکە

☑ سەردانی ئەم لینکە بکەن:

https://forms.gle/9ignv41VZcUccJo48

# پێشەکی

گەورەترین پارەی بزنسەکان لە دروستکردنی بەرهەمدا خەرج ناکرێت، بەڵکو لە ساخکردنەوەی بەرهەمەکەدا خەرج دەکرێت. بۆ ساخکردنەوەیش پێویستت بەوەیە کۆمەڵگایەکی گەورەی خەڵک بزنسەکەت بناسن.

بۆم دەرکەوتووە ئەو بزنسانەی ژمارەی هەوادارەکانیان زیاترە، فرۆشیشیان زیاترە.

زۆرجار لە سیمینار و ڕاوێژەکاندا لێم دەپرسن: من بەرهەمێکی باشم هەیە و خەڵکی نایکڕن! ڕاستەوخۆ دەڵێم: ئەوە مانای وایە: بازاڕکاری لە بەرهەم گرنگترە. ئەگەر باشترین بەرهەمی سەرزەویت هەبێت، بەڵام ڕیکلامی بۆ نەکەیت و خەڵکی بۆ نەهێنیت، ناتوانیت بیفرۆشیت.

بە بێ گومان دەبێت بە ڕێیەک بگەیت بە کڕیارەکەت، باشترین ڕێگاش دروستکردنی پەیجێکی بەهێزە. لە بەهێز مەبەستم سپۆنسەر بییە، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە هەوادارت هەبێت.

کورت و خێرا پێت بڵێم: دەتوانیت مانگانە (١٠ هەزار دۆلار) لە سپۆنسەردا خەرج بکەیت. فرۆشیشت بۆ دروست بکات. بەڵام تێچووەکەی زۆر بەرزدەبێت.

دوای ماوەیەکی کەم لە هەبوونی پەیج تێدەگەیت، گرنگ بینەر نییە، بەڵکو گرنگ فرۆشتنە.

دەکرێت یەکێک لە پۆستەکانت (١٠٠ هەزار) بینەری هەبێت، بەڵام کە فرۆشی بۆ دروست نەکردیت، بێ مانایە.

کەسێک پێی وتم: ٦٠٠ دۆلارم لە سپۆنسەردا خەرج کرد، هەندێک نامەشم بۆ هات، بەڵام تەنها یەک بەرهەمیشم نەفرۆشت!

لەم کتێبەدا هەنگاوەکانی دروستکردن و گەشەپێدانی پەیجت بۆ باسدەکەم، هەروەها چەند ستراتیژێکی فرۆشیش باسدەکەین.

من بم لەجێی تۆ، مۆبایلەکەم دەکوژێنمەوە و کتێبەکە تا کۆتایی دەخوێنمەوە. چونکە ئەگەر هەیە ئەم کتێبە بچووکە هەزاران دۆلارت بۆ بگێڕێتەوە و بۆ هەمیشە ڕزگارت بکات لە خەرجییەکانی سپۆنسەر.

لەم چاپە نوێیەدا پێداچوونەوەیەکی گشتی کتێبەکەم کردووە و لە هەندێک شوێندا چەند بیرۆکەیەکی نوێم بۆ کتێبەکە زیادکردووە.

بیخوێننەوە و بزنسەکەتان گەشە پێبدەن.

گەشتیار غەریب

**٢٠٢٤/٣/١٧**

سلێمانی

## بەشی یەکەم

## دروستکردنی پەیج

کاتێک سەیری ئەو ڕاهێنەرانە دەکەیت کە باسی بزنست بۆ دەکەن، هەموویان دەڵێن: ئیتر ئەو سەردەمە نەما دانیشیت و چاوەڕێببیت کڕیار بێت بۆ لات. دەبێت خۆت خەڵک بهێنیت بۆ کڕینی بەرهەمەکەت.

تەنانەت هەندێکیان زیادەڕەوی لە بابەتەکەشدا دەکەن و دەڵێن: داهاتووی بزنسەکانی دنیا تەنها لە ناو پەیجدایە و ئەگەر پەیجت نەبوو بزنست نییە.

لەم ماوەی پێشوودا یەکێک لەو دەوڵەمەندانەی کە (٢٠) ساڵ دەبێت ملیۆنەرە پێی وتم: داهاتووی دونیا هەمووی ئۆنلاینە. ڕۆژێک دێت دەرابەی دووکان نامێنێت و هەموو شتەکان دەبن بە ئۆنلاین. ئەو خۆیشی یەکێک لە بزنسەکانی بریتیە لە ئەپڵیکەیشنێکی ئۆنلاینەکان کە زۆر ناسراوە لە کوردستاندا.

من پێم وایە: ئەویش و زۆرێک لە خەڵکیش زیادەڕەوی دەکەن لە پەیجدا. پێم وانییە هەرگیز فرۆشی ڕووبەڕوو کۆتایی بێت. تەنانەت کۆمپانیا ئەمازۆن کە گەورەترین کۆمپانیای دنیا لە بواری ئۆنلایندا، لەم ساڵانەدا لە ناو ئەمریکادا زنجیرە کۆگایەکی فرۆشتنی دروست کردووە کە خەڵکی دەچن و خۆیان بەرهەمەکانیان لەوێ دەکڕن.

# دروستکردنی بزنس

ئەوانەی بزنس دروستدەکەن، پێویستیان بەوەیە خۆیان بە خەڵک بناسـێنن، ئەمەیش ناچاریان دەکات پەیجێک دروسـتبکەن تا خەڵکی بیانناسن و بزانن ئەمان لە بوارەکەدا کاردەکەن.

شـــتێک هەیە کە لەم ســـەرەتای کتێبەدا دەبێت پێتانی بڵێم: هەبوونی پەیج: وەک پێویسـتیەکی لێ هاتووە بۆ بزنسـەکان. جارێک کەسێک لێی پرسیم: پێویستم بە پەیج هەیە بۆ بزنسەکەم؟

وتم: ئەم پرسـیارە وەک ئەوەیە بڵێیت: من دەمەوێت بزنس بکەم، ئایا پێویست دەکات دوکان بگرم بۆی؟

وەڵامی پرسیارەکەت ئەوەیە:

ئەگەر بزنسـێکی سـەرپێی دەکەیت؛ ناتەوێت بیکەیتە بزنسـێکی جدی و بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ بمێنیتەوە، ئەوا پێویســـتت بە پەیج نیە، بەڵام ئەگەر دەتەوێت لە بازاڕەکەدا بمێنیتەوە و بزنسـێکی جدی دروسـت بکەیت، ئەوا حەتمەن پێویسـتت بەوە هەیە شـوێنی تایبەت بە خۆتت هەبێت. پەیجیش وایە.

تەنانەت زۆرێک لە بزنسـەکان دەبێت وێبسـایتیشیان هەبێت، نەک پەیج.

کورتەی قسەکە ئەمەیە: ئەگەر بزنست نیە، دەتوانیت پەیجێک دروست بکەیت و داهاتی تێدا پەیدا بکەیت. ئەگەرریش بزنست هەیە، دەکرێت بە پەیجێک فرۆشت زیاد بکەیت.

پرسیار: چۆن پەیج دروست بکەم؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، وێبسایتێکمان هەیە بە ناوی (گوگڵ)، لەو وێبسایتەدا بگەڕێن بە وردی هەموو شتێکی تێدایە. بەڵام لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە چەند شتێکی بچووک دەکەین کە لە دروستکردنی پەیجدا پێویستە.

کاتێک کەسێک پەیجێک دەکاتەوە کۆمەڵێک شت دەبینێت:

- **ناوی پەیجەکە**
- **بایۆی پەیجەکە**
- **هایلایتەکان**
- **پۆستەکان**

## ناوی پەیجەکەم

من ڕام وایە، ئەگەر زۆر سەرەتایت لە دروستکردنی پەیجدا، ئەوا هەوڵبدە تەنها کارەکان تێپەڕێنیت تا بگەیت بە پەیجێک، دواتر دەتوانیت گۆڕانکاری بکەیت. چەند مانگێک پەیجەکەت دوامەخە تەنها بۆ ئەوەی نەزانیت ناوەکەی چی بێت.

لە کاتی ناونانی پەیجەکەدا ئەم شـــێوازانە هەیە کە دەتوانیت بەکاری بهێنیت:

ناوی خۆت:

نمونە: (برایان ترەیسی، علی ایرانمنش)

ئەم شـــێوازە زۆر باوە و هەزاران پەیجمان هەیە کە خاوەنی پەیجەکە تەنها ناوی خۆی دەنووسێت.

ئەگەر تەنها ناوی خۆت دەنووســیت، مانای وایە ناوەکەی خۆت گەورە دەکەیت و دواتر تەرکیز لەســـەر خۆتە بۆ ئەوەی کارەکان بکەیت. ئەو کەســـانەی کە کراوەن و دەیانەوێت خۆیان کارەکان بکەن، دەتوانن ئەم ستراتیژە بەکار بهێنن.

## ناوی خۆت + ناوی بوارەکەت

رێکان ئینگلیش، دیاری عەقارات

ئەمەیش ســـتراتیژێکی زۆر باشـــە و وادەکات بینەرەکە خێراتر بزانێت بوارەکەت چیە. بەم هۆیەوە ئاســـانتر فۆلۆوەرەکە بڕیار دەدات.

## یەک وشە لە بوارەکەدا

نمونە: ئەپڵ

ئەمەیش ســـتراتیژێکی زۆر باشـــە و بەرامبەرەکە بەو وشـــەیە دەزانێت ئیشـەکەی تۆ چیە. ئەم یەک وشـەیەک زۆر باشـترە لە دوو وشە، چونکە لە مێشکدا ئاسانتر دەمێنێتەوە.

## دوو وشەی بوارەکە

نمونە: (کارسازی شادمان)

ئەم شـــێوازەیش بە هەمان شـــێوەی پێشـــترە. وادەکات زیاتر ناوەکەی خۆت ڕوونبکەیتەوە لە ناوەکەتدا. (کارســازی شــادمان) لە دوو وشە پێک هاتووە: (کارساز: خاوەنکار) (شادامن: دڵخۆش) واتا: (خاوەنکاری دڵخۆش)

## له بارەی ناوی پەیجەوە:

وا باشـــە وشـــەیەکی بوارەکە دابنێیت، تا بینەرەکە بزانێت. زۆر ئاســـان ئەگەر کاری خواردن دەکەیت، وشـــەی (خوارد، فوود، کەڵەشێر، قەل) دابنێ.

ئەگەر لە بواری مناڵاندا کاردەکەیت وشەی (بەیبی، کیدز) دابنێ.

## پەیجەکە بە ناوی خۆمەوە بێت، یان براندەکەم؟

وەڵامی ئەم پرســـیـــارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەتەوێـت لە داهاتووی دووردا بگەیت بە چی

. ئەگەر لەو کەســـانەیت کە دەتەوێت لە داهاتووی دووردا خۆت دەربکەویـت و چـالاک بیـت، ئەوا نـاوی خۆت. بەڵام ئەگەر لەو کەسانەیت کە دەتەوێت لە داهاتوودا خۆت لە پشتی پەردەوە بیت و کەمتر بەرکەوتنت لەگەڵ خەڵکدا هەبێت بە ناوی براندەوە دروســتی بکە.

نمونە: من پەیجەکەم ناو نەناوە (گەشـــتیار غەریب)، بەڵکو ناوم ناوە (کارسازی شادمان) چونکە نامەوێت تەرکیز لەسەر خۆم بێت و دیدگام وایە خۆم لە پشتی شتەکانەوە بم و کاتم هەبێت خەریکی نووسین و بەرهەم هێنان بم. تیمێک هەبن کارەکان بکەن.

براندێک دروســـت بکەم، دواتر براندەکە هەر بەرهەمێکی هەبوو، خەڵک بیکڕن. منیش زیاتر لە ئۆفیسدا کاربکەم و خەریکی نووسین و لێکۆڵینەوەی خۆم بم.

بۆ کەســـێک کە وەک من بێت، وا باشـــە پەیجەکەی بە ناوی خۆیەوە نەبێت.

## بایۆی پەیجەکە

بایۆ واتا زانیاری لەســـەر پەیجەکە. بۆ ئەوەیە کاتێک کەســـێک پەیجەکە دەکاتەوە، زیاتر بزانێت پەیجەکەت لە چ بوارێکدایە. بایۆی پەیجەکە وادەکات بینەر بڕیار بدات پەیجەکەت فۆڵۆو بکات یان نەیکات. وا باشە لە بایۆدا سێ شت ڕەچاو بکرێت.

**یەک:** کارەکەت. بە ڕستەیەکی کورت، یان تەنها چەند وشەیەک کاری خۆت بنووسە لە بایۆدا.

نمونە: ئەگەر زانیاری دروســـتکردنی خواردن بڵاو دەکەیتەوە بنووســـە: لەم پەیجەدا ڕۆژانە ڤیدیۆیەکی فێرکاری خواردنت بۆ بڵاودەکەینەوە.

بۆیە ئەمە دەکەیت، تا بینەرەکە زیاتر بتناســـێت و بزانێت بوارەکەت چیە.

**دوو:** پەیوەندی کردن

ژمارە تەلەفۆن، یان لۆکەیشـــن بە کورتی بنووســـە. تا بینەرەکە بزانێت چۆن پەیوەندیت پێوە بکات.

**سێ:** هێشتنەوەی بینەر

ئەمە زۆر گرنگە لە بایۆدا هەبێت. یەک ڕســـتەی بچووکت هەبێت کە وابکات بینەرەکەت ماوەیەکی زیاتر لە پەیجەکەتدا بمێنێتەوە.

بۆ نمونە: بنووســـە: ســـەیری یەکەم پۆســـت بکە، یان ســـەیری هایلایتی ئەنجامەکان بکە.

ئەو کۆمپیوتەرانەی کە پەیجەکەی تۆ هەڵدەســـەنگێنن، یەکێک لە پێوەرەکانیان ئەوەیە: کاتێک کەســـێک پەیجەکەت دەکاتەوە، ماوەی چەندە لە پەیجەکەدا دەمێنێتەوە.

ئەگەر زیاتر مایەوە، مانای وایە پەیجەکەی تۆ بەهێزترە و خەڵکی زیاتر خۆشیان دەوێت. ئەمەیش بۆ پەیجەکەت گرنگە.

# هایلایتەکان

هایلایت بریتیە لە ســتۆریەکانی پێشــترت کە خۆت دایدەنێیت تا بینەرە نوێکـان ببینن. کـاتێـک ئینســــتـاگرامی یەکێـک دەکەیتەوە، ڕاستەوخۆ دەیبینیت.

هـایلایـت وادەکـات بینەرەکە مـاوەیەکی زیـاتر لە پەیجەکەتـدا بمێنێتەوە، لەبەر ئەوە زۆر پێویست و گرنگە.

ئەم هایلایتانە پێویستن هەتبن:

یەک: دەربارەی ئێمە: لێرەدا بە چەند ڤیدیۆیەک بە بینەرەکە بڵێ: بوارەکەی تۆ چییە و چی دەفرۆشن.

دوو: پەیوەندی: لەم هایلایتەدا ڕوونی بکەرەوە کە بینەرەکە چۆن دەتوانێت پەیوەندی بکـات. ئەگەر دوکـان یـان نوســـینگەت هەیە، ڤیدیۆی هاتن بۆ شوێنەکەتی تێدا دابنێ.

سێ: بەرهەمەکانت: باشترین و پڕفرۆشترین بەرهەمەکانت دابنێ.

چوار: شاهێدی کڕیارەکان: هەوڵبدە هەموو ئەو شاهێدی(فیدباک)ە باشانەی بۆ بەرهەمەکانت هاتووە بکەیت بە ستۆری و دای بنێیتەوە.

## پۆسته هەڵواسراوەکان:

بە شـێوەیەکی گشـتی دەتوانیت (٣) پۆسـت هەڵبواسـیت (پین بکەیت). واتا کاتێک بینەرەکە دێتە پەیجەکەتەوە، ڕاستەوخۆ بیبینێت.

ئەم (٣) پۆستە (پین) بکە.

١. پڕبینەرترین پۆست.

٢. پڕفرۆشترین بەرهەم.

٣. فیدباکی کڕیارەکان.

## بەشی دووەم

## پۆستکردن لە پەیجدا

ئەگەر لە خاوەن پەیجەکان بپرسیت: بۆچی ئێوە پەیجتان هەیە؟

دەڵێن: بۆ ئەوەی بفرۆشـــین! یان دەڵێن: دەمانەوێت خەڵکێکی زیاتر بمانناسن و بزانن ئێمەش لە بازاڕەکەداین!

کەواتە: کاتێک خاوەن بزنســـێک پەیجێک دادەنێت، ئامانجەکەی (پارە پەیداکردنە). ئامانجەکەیان جوان و باشـــە، بەڵام کێشـــەیەک هەیە: خـــاوەن پەیجەکـــان وابیردەکەنەوە: ئەگەر بینەرەکـــانیـــان زیادبکات، فرۆش زیاددەکات!

☺ ڕوونکردنەوە:

ئەوان دەڵێن:

ئەگەر پۆستێکت کرد و (١٠٠ هەزار) کەس بینی، فرۆشت زیاترە لەوەی (٥ هەزار) کەس بیبینێت!

ئایا ئەو قسەیەی سەرەوە ڕاستە؟

نەخێر، هەرگیز!

دەکرێت: پەیجێک کە تەنها (هەزار) فۆڵۆوەر (شوێنکەوتە)ی هەیە، فرۆشـــی زۆر زیاتربێت لە پەیجێک کە (٢٠ هەزار) شـــوێنکەوتەی هەبێت.

لەم ماوەی پێشـوودا کەسـێک ڤیدیۆیەکی کورتی خۆیی پیشـاندام کە بۆ ڕیکلامی شــوێنێک کردبووی. ســەدان هەزار بینەری هەبوو. وتم: فرۆشی دروست کرد؟ وتی: تەنها تەلەفۆنمان بۆ هات. تەنانەت یەک کەسیش نەیکڕی.

هەرگیز زۆری ژمارەی بینەری پۆستەکان مانای وانییە فرۆشمان زیاترە!

ڕســــتەیەکی بەهادار لە فرۆشــــدا هەیە، دەڵێت: خەڵک تا متمانە نەکەن ناکڕن!

واتا: ئەگەر بەرامبەر متمانەی نەبێت ناکڕێت.

دەکرێت تۆ (٢٠) کاتژمێر ســــەرقاڵی دروســــتکردنی ڤیدیۆیەکی کواڵیتی بەرز بووبیت بۆ فرۆشی بەرهەمەکانت. بەڵام هیچ فرۆشێک دروست نەکات!

## متمانەی بینەر

هەمووومان دەزانین، کاتێک پەیجمان هەبوو، دەبێت پۆستی تێدا بکەین. بەڵام سوودی پۆستکردن چییە؟ ئایا پۆستەکانمان وادەکەن فرۆش ڕووبدات؟

زۆرینە دەڵێن: بەڵێ! پۆستەکان فرۆش دروستدەکەن!

لێرەدا دەگەین بەو دیدگا هەڵەیەی لە فرۆشی پەیجدا هەیە لەبارەی سپۆنسەرکردنەوە. بۆچی پەیجەکان سپۆنسەر ئەکەن؟

خاوەن پەیجەکان دەڵێن: سپۆنسەر وادەکات خەڵکی زیاتر بمانبینێت و نامەمان بۆ بنێرێت تا لێمان بکڕێت.

ئەوان دەڵێن: سپۆنسەر شتێکی ئاساییە، بەشێک لەو پارەیەی کە مانگانە پەیدای دەکەم دەیدەمەوە بە سپۆنسەر، وا دادەنێم: کرێی دوکانە!

قسەکەیان زۆر جوان و تەواوە، سپۆنسەر دەکەن تا بفرۆشن و وەک کرێی دوکان حسابی بۆ دەکەن، بەڵام کێشە گەورەکە یەک شتە: زۆرینەیان پارە بەفیڕۆ دەدەن! سپۆنسەرەکە فرۆش دروست ناکات و لە کۆتاییدا زەرەر دەکەن!

ڕەنگە بڵێیت: چۆن؟ چۆن سپۆنسەر زەرەردەکات؟

# قازانجی گەڕاوە

دەبێت لێرەوە ئاشنای بابەتێک ببین بەناوی (ROI) یان (قازانجی گەڕاوە). قازانجی گەڕاوە واتا: قازانجی تۆ چەندەیە لەو پارەیەی خەرجی دەکەیت؟

☺ بۆ نموونە:

کەسێک بایی (١٠٠) دۆلار سپۆنسەر دەکات. بەم هۆیەوە بایی (٢٠٠) دۆلار فرۆش دروست دەبێت. ئەم (٢٠٠) دۆلارە، (١٥٠) دۆلاری تێچووی بەرهەمەکان بووە و تەنها (٥٠) دۆلاری قازانج بووە. بەڵام ئەم کەسە (١٠٠) دۆلار پارەی لە سپۆنسەر خەرج کرد و تەنها (٥٠) دۆلار قازانجی بۆ هاتووەتەوە.

(١٠٠ دۆلار – ٥٠ دۆلار = سالب ٥٠ دۆلار)

ئەم کەسە لەم سپۆنسەرەدا نەک قازانجی نەکرد، بەڵکو زەرەری کرد و (٥٠) دۆلار پارەی بەفیڕۆ داوە.

زۆرجار حسابی ئەوە ناکەین بەهۆی سپۆنسەرەکەوە چەندە پارە لەدەست دەدەین. چونکە لە هەندێک کاتدا سپۆنسەر پارە بەفیڕۆدانە!

## خەتای سپۆنسەر نیە

هەندێک بزنس مانگانە (١٠٠٠ دۆلار) پارە لە پەیجەکەیاندا خەرج دەکەن و فرۆشیان کەمە.

خۆشیان نازانن هۆکارەکەی چییە! دەڵێن: خەتای سپۆنسەرەکەیە!

بەڵام کێشەکە سپۆنسەرر نییە، بەڵکو پەیجەکان هەموویان وان. ڕۆژ بە ڕۆژیش بەهۆی ڕکابەری بازاڕ و کەمبوونەوەی متمانەی خەڵک بە فرۆشیارەکان قازانجی گەڕاوە لە سپۆنسەرەکان کەمتر دەکات!

ڕەنگە ئێستا شتێک بێتە خەیاڵت و بڵێیت: کەوایە با پەیجم نەبێت!

بەڵام ئەوەش چارەسەر نییە. ڕکابەرەکانت پەیجیان هەیە. ناکرێت تۆ دوابکەویت.

بەڕای من پرسیارە ڕاستەکە شتێکی ترە: چی بکەم تا لە پەیجەکەوە قازانج بکەم؟

دەکرێت خەتاکە سپۆنسەر نەبێت، بەڵکو خەتاکە تێنەگەیشتن بێت لە شێوازی کارکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

## کۆتا قسه

لەم کتێبەدا تەرکیزمان خستە سەر خاڵە گرنگەکانی فرۆشتن لە پەیجدا. پێم وایە: ئەگەر خاڵەکانی ئەم کتێبە جێبەجێ بکەیت، ئەوا بزنسەکەت گەشەیەکی گەورە دەکات.

بەڵام ئەگەر بتەوێت زیاتر فێرببیت، ئەوا ئێمە لە پڕۆژەی (کارسازی شادمان) بەردەوام خولمان هەیە لە بابەتە بزنسییەکاندا.

ئەگەر ویستتان بەشداری خولەکانمان بکەن، پەیوەندی بەم ژمارەیەوە بکەن، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە نامەمان بۆ بنێرن.

## بۆ داواکردنی کتێبەکە

☑ سەردانی ئەم لینکە بکەن:

https://forms.gle/9ignv41VZcUccJo48

# پێڕست


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٥ |
| بەشی یەکەم: دروستکردنی پەیج | ٧ |
| بەشی دووەم: پۆستکردن لە پەیجدا | ١٧ |
| بەشی سێیەم: سپۆنسەری پەیج | ٢٣ |
| بەشی چوارەم: بەڕێوەبردنی پەیج | ٣٧ |
| بەشی پێنجەم: ڕیکلامکردن لە پەیجدا | ٤٧ |
| بەشی شەشەم: بازاڕکاریی پەیج | ٦٣ |
| بەشی حەوتەم: دروستکردنی کەمپین | ١٠٧ |
| کۆتا قسە | ١٢٧ |
| پێڕست | ١٢٨ |
| بەرهەمەکانی پڕۆژەی کارسازی شادمان | ١٢٩ |

# کتێبەکانی پڕۆژەی کارسازی شادمان

| ژ | ناوی کتێب | شێواز | نووسەر/وەرگێڕ |
|---|---|---|---|
| ١ | شادمانی لە ناوجەرگەی سەختییەکاندا | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب |
| ٢ | دوای دڵت بکەوە | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب |
| ٣ | ڕێی ساماندارب‌وون | ئامادەکردن | گەشتیار غەریب |
| ٤ | دەستکەوتت زیادبکە | ئامادەکردن | گەشتیار غەریب |
| ٥ | کاتت زیادبکە | ئامادەکردن | گەشتیار غەریب |
| ٦ | دەرمانی کاردواخستن | ئامادەکردن | گەشتیار غەریب |
| ٧ | بازاڕکاریی دەروونی | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب |
| ٨ | وەک دکتۆرەکان بفرۆشە | نووسین | گەشتیار غەریب |
| ٩ | کڕیارەکانت زیاد بکە | نووسین | گەشتیار غەریب |
| ١٠ | شکاندنی سنوورەکانی فرۆش | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب |
| ١١ | بزنس ئەمەیە | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب |
| ١٢ | فرۆشتن لە پەیجدا | نووسین | گەشتیار غەریب |
| ١٣ | ستراتیژی ڕکابەری | نووسین | گەشتیار غەریب |
| ١٤ | فرۆشتن لە قەیراندا | نووسین | گەشتیار غەریب |
| ١٥ | هونەری معامەلەکردن | نووسین | گەشتیار غەریب |
| ١٦ | بیرۆکەی دوکانداران | نووسین | زانیار غەریب |
| ١٧ | ئابووریی خێزان | نووسین | زانیار غەریب |
| ١٨ | تواناکانت زیادبکە | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب |

بۆ داواکردنی کتێبەکان

ئەم بارکۆدە سکان بکەن و (کتێبەکان) هەڵببژێرن، یاخود نامە بنێرن بۆ (پەیجی کارسازی شادمان)

بۆ وەرگرتنی ڕاوێژی تایبەت بۆ بزنسەکەتان

یان خولی تایبەت بۆ کارمەندەکانتان

پەیوەندی بەم ژمارەیەوە بکەن:

07748213653

07508724916